فیفا ناوی ئۆو وڵاتانی ئاشکرا کرد کە میوانداریێتی جامی جیهانی 2030 دەکەن

هەژی چوارشەممە (4ــی تشرینی یەکەمی 2023) یەکێتی تێپی پێی جیهان (فیفا) ناوی ئۆو وڵاتانی ئاشکرا کرد کە میوانداریێتی جامی جیهانی 2030 دەکەن، کە پێکهاتوون لە شەش وڵات و سێ کیشوەر، ئەمەش بەهۆی ساڵیادی 100هەمینی بەڕێوەچوونی جامی جیهانیە کە لە ساڵی 1930 لە وڵاتی ئەرگوای بەڕێوەچوو.

ئاوارتی ئەمرێ چوارشەممە، فیفا بە شێوەیەکی فەرمی ڕایگەیاند، کە شەش وڵات میواندارێی جامی جیهانی تێپی پێ بێ ساڵی 2030 دەکەن، کە پێکهاتوون لە وڵاتانی ئیسپانیا و پورتوگال لە بەشی ئەوروپا و مەغریب لە ئەفریقا، هەروەها ئەرژەنتین و ئەرگوای و بارگوای لە کیشوەری ئەمریکای باشوور.

سەرۆکی فیفا، ئینفێنتینۆ ئاشکرای کرد کە یەکەم یاری جامی جیهانی 2030 لە یاریگای سێنتیناریۆ بەڕێوەدەچێت، هەروەها یاری کۆتایی لە یاریگای سانتیاگۆ بێرنابیۆ لە مەدریدی ئیسپانیا دەبێت.